# وازیان لێبێنە؛ چونکە من بە دەستنوێژەوە لە پێم کردوون

لە موغیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر بووم -صلى الله عليه وسلم- لەسەفەرێکدا، چووم بۆ ئەوەی خوفەکەی دابنێم، فەرمووی: «وازیان لێبێنە؛ چونکە من بە دەستنوێژەوە لە پێم کردوون»، ومەسحی لەسەریان کرد.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەیەکێك لە سەفەرەکانیدا ؛ دەستنوێژی گرت، کاتێك گەیشتە شۆردنی پێیەکانی ؛ موغیرەی کوڕی شوعبە -ڕەزای خوای لێبێت- دەستەکانی درێژکرد بۆئەوەی خوفەکان لەپێی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دابکەنێت، وئەویش پێی بشوات. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: وازیان لێبهێنە ودایان مەکەنە، چونکە من بە دەستنوێژەوە خوفەکانم لە پێ کردووە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مەسحی کرد لەسەر خوفەکانی لەجێی شۆردنی پێیەکانی.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3014

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee